# که خۆر ون بوو



## ئەحمەد دەشتی

زۆر لە مێژە خۆرەتاوم ئاوا بووە
لوتکەی بەرزو دوورەکانم تاریك دادێ
خۆم لەگۆماوی خوێن وەردەدەم
برینانی لە مێژینەم دەسوتێنم و
کەویەبەفری ناو دەروونم دەکەمەوە
جەستەم هەمووی دەبەستێت و
کرپۆەی خەم پشووم دەگرێ
چی هامۆن وبناروسەرەلێم دادەگرێ
لەم هەوارە پرجەفایەو رێگەدوورەم
تەنیا تەم و ئازاری دل وەدی دەکەم
لەناو دلم چەمی جەفا حەشاردراوە
جەستەم ئێستا کێلگەیەکی تەماویە
تاوی روون وشادی ژیانی لێ براوە
لەوەتی هەم ژیانم هەمووی تاری شەوە
چاوەکانی قوراوی من هەرێ خەوە
زۆر دەمکێکە غوربەرتی من
خۆی لەچۆمی خوێن وەردەدا
ژانی کوان و برینانم پێ وەردەکا
لەناو دلی غەوارەم و دوورە کەسم
حەسرەتەکان دەهونمەوە
خوێن لەرەگم هەلدەچێت و
ژانی ئێستاو گریەی دوێنێم دەبینمەوە
ئەسرینی خوێن لەوبەندەن و
لەوکۆساره تارو دوورەم
ناوی چاوی من وشکەکات
رۆیاکانم لەم هەوارەم
لەناو دەریای خوێناویم دا
چۆمی مەرگو کارەساتان نیشان دەدا
تەنی دلم مەزرایەکی بێ بەهارە
بە هەزاران زامی کول و
تابلۆی خەم و نەهامەتی
لە ناو خۆی دا حەشارداوە

ئەم ژیانەی هەردەم شەوم
دەرگای برینی کردۆتەوە
چی کۆڤان و ژان وخەمە
لە دەروونمی رشتۆتەوە
دەلێم دەبێ کەی رۆژم بێ
خاکی منیش سەربەخۆ بێ
چی تارمایی و چی ئازارە
بۆ هەمیشە ببرێتەوە
کەی رۆژم دێ
لوتکەی دوورم سەوزبێت و
هەرچوار چرای ئەوینی من
لەتارمایی شەوەزەنگ دا
ئاسۆکانی روون بێتەوە
کەی رۆژم دێ
چی ئازاری دلی کوردە ببڕێتەوە
کێوی خەمی ناو دلی من
بۆ هەمیشە برمێتەوە
چیتر رەنج و جەفاکانم
لەدل و دەروون نەم بێنتەوە
کەی رۆژم دێ
لە بەرتاوی خۆرەتاوم
تۆزو ژەنگی نامۆیی خاك
جارێکی ترلەم دەرونەم نەنیشتەوە
کەی رۆژم دێ کەی رۆژم دێ ؟
ئای کە شەوی نامۆ درێژ بوون
ئای کە خەم و غوربەتی دل
پڕ لە رەنج و تەمەن بڕ بوون
من هاواری هەتاوێکی روو گیراوم
من ئاوازی وەلاتێکی بەشخوراوم
تا ئاوازو رۆژو رەنگم دەرنەکەوێ
ئەم دلەی والەت لەتی من قەت ناسرەوێ
پایزی 1989 بەرلین